# مصادر الصورة الشعرية في اعمال ( كاكەى فەللاح )

الباحث : د. ئاهەنک شفيق حمه بجكول محمد
استاذ /اقليم كردستان/جامعة السليمانية
كلية التربية الاساسية
قسم اللغة الكردية

البريد الإلكتروني Email: ahang.mohamed@univsul.edu.iq

الكلمات المفتاحية: الصورة الشعرية، مصادر الصورة الشعرية، الشعور، الخيال، اللغة الشعرية.

كيفية اقتباس البحث

محمد ، ئاهەنک شفيق حمه بجكول، مصادر الصورة الشعرية في اعمال ( كاكەى فەللاح ) ،مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، نيسان ٢٠٢٥،المجلد:١٥ ،العدد:٣ .

هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.

مسجلة في Registered
ROAD

مفهرسة في Indexed
IASJ

# Sources of Poetic Imagery in the Works of (Kakey Fellah)

**Dr. AHANG SHAFIQ HAMA BCHKOL MOHAMED**
Teacher /Kurdistan Region/ Research
University Of Sulaimany
Collage Of Basic Education
Kurdish Department

**Keywords** : poetic image, sources of poetic image, feeling, fantasy, poetic language.

**How To Cite This Article**
MOHAMED, AHANG SHAFIQ HAMA BCHKOL, Sources of Poetic Imagery in the Works of (Kakey Fellah), Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, April 2025,Volume:15,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract :**

Our research focuses on examining the sources of the poetic imagery in the works of (Kakey Fellah). According to the sources of poetic imagery, the context of the poem, and the ideas that the poet conveys, within the scope of our research, we have attempted to divide the world of his poetry across several primary sources, which consist of (nation and homeland, the philosophy of life, historical sources, the influence of the poetic experiences of other poets, the poet's inner self, emotions, and love). Therefore, the poet's perspective and interpretation of various literary, intellectual, and ideological aspects shape his worldview as a reformist poet. On the other hand, the poet has influenced the contemporary poetic caravan and contributed, to a certain extent, with a special focus on the form and essence of their poetry. In addition to writing and literary articles in journals and newspapers, these have served as motivations and aided in selecting our research topic and in this research we have endeavored to highlight and analyze an aspect of his poetic world.

**الملخص:-**

يركز بحثنا على دراسة مصادر الصورة الشعرية في أعمال (كاكەی فلاح). وفقا لمصادر الصورة الشعرية وسياق القصيدة والأفكار التي ينقلها الشاعر، حاولنا ضمن نطاق بحثنا تقسيم عالم شعره عبر عدة مصادر رئيسية، وهي تتألف من (الوطن والأمة، فلسفة الحياة، المصادر التاريخية، تأثير التجارب الشعرية لشعراء آخرين، العالم الداخلي للشاعر، المشاعر، والحب). ولذلك، فإن منظور الشاعر وتفسيره لمختلف الجوانب الأدبية والفكرية والأيديولوجية يشكل رؤيته للعالم كشاعر تجديدي. من ناحية أخرى، أثر الشاعر في قافلة الشعراء المعاصرين وساهم إلى حد ما بالتركيز بشكل خاص على شكل وجوهر أشعارهم. بالإضافة إلى الكتابة والمقالات الأدبية في المجلات والصحف، كانت هذه العوامل بمثابة دوافع وساعدت في اختيار موضوع بحثنا، وفي هذا البحث، حاولنا تسليط الضوء على جانب من عالمه الشعري وتحليله.

هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی زمانی کوردی

ناونیشانی توێژینەوە : **سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لە بەرهەمەکانی ( کاکەی فەلاح ) دا**

توێژەر : **د. ئاهەنگ شەفیق حەمە بچکۆل محەمەد**

نازناوی زانستی : **مامۆستا**

**پوختە :-**

توێژینەوەکەمان بریتییە لە خستنەڕووی سەرچاوەی وێنەی شیعرەکانی (کاکەی فەلاح)، بەو پێیەی سەرچاوەی وێنەی شیعری کانگا و هەوێنی دەقی شیعرییە و سەرچاوەی ئەو بیرانەیە کە شاعیر دەیانخاتەڕوو، لە سنووری توێژینەوەکەماندا هەوڵماندا وە سەرتاپای جیهانە شیعرییەکەی بەسەر چەند سەرچاوەیەکی سەرەکیدا دابەش بکەین، کە بریتین لە ( نیشتمان و نەتەوە، فەلسەفەی ژیان، سەرچاوە مێژووییەکان، کاریگەری ئەزموونی شیعریی شاعیرانی تر، دەروون و ناخی شاعیر، سۆز و خۆشەویستی ) هەربۆیە باری سەرنج و دیدو



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2025 Volume :15 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٣

تێڕوانینی شاعیرمان لەچەند ڕەهەندێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆجییەوە بۆ ڕووندەبێتەوە وەکو شاعیرێکی نوێ، لە لایەک و لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەوەی شاعیر لە دووتوێی دوو بەرگدا کاروانی شیعری شاعیرانی نوێی لێکداوەتەوە و کەم و زۆر ڕاو سەرنجی تایبەتی دەربارەی ڕوخسار و ناوەرۆکی شیعرەکانیان خستۆتەڕوو، جگە لە نووسین و وتار و بابەتی ئەدەبی ناو گۆڤار و ڕۆژنامەکان کە ئەمانە هۆکار بوون لە هەمان کاتدا یارمەتیدەربوون بۆ هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکەمان ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە چمکێک لە جیهانە شیعرییەکەی بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە .

**کلیلی وشە : ( وێنەی شیعری ، سەرچاوەکانی وێنە ، هەست ، خەیاڵ ، زمانی شیعری )**

**پێشەکی :-**

ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە ( سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لە بەرهەمەکانی کاکەی فەلاحدا ).

ڕێبازی توێژینەوەکە :- بۆ توێژینەوەکەمان ڕێبازی ( وەسفی- شیکاری ) مان پەیڕەوکردووە.

گرنگی توێژینەوەکە :- لێکۆڵینەوە و باسی تایبەتی بۆ شیعرەکانی ( کاکەی فەلاح ) نەکراوە و زۆر لایەنی جیهانە شیعرییەکەی بە نادیاری ماوەتەوە ، بەم هۆیەوە هەوڵمانداوە چەند ڕاو سەرنجێک سەبارەت بە وێنەی شیعرەکانی بخەینەڕوو.

بەشەکانی توێژینەوەکە :-

لە بەشی یەکەمدا – لە تەوەری یەکەمدا / پێناسە و چەمکی وێنەی شیعری خراوەتە ڕوو.

لە تەوەری دووەمدا / وێنەی شیعری لە ئەدەب و ڕەخنەی کۆن و نوێدا باسکراوە.

لە تەوەری سێیەمدا / سەرچاوەکانی وێنەی شیعری باسکراوە.

لە بەشی دووەمدا / سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لە بەرهەمەکانی کاکەی فەلاحدا شیکراوەتەوە، لە کۆتایی ئەم بەشەشدا هەوڵمانداوە چەند ڕاو سەرنجێکی شاعیر ( سەبارەت بە خۆی وەکو شاعیرێکی نوێ و لە هەمان کاتدا سەبارەت بە شاعیرانی تری هاوسەردەمی ) بخەینەڕوو.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەماندا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک دەربارەی سەرچاوەکانی وێنە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیردا.

**پێرست :-**

بەشی یەکەم :- چەند ئاماژەیەک سەبارەت بە وێنەی شیعری ( پێناسە و چەمک و جۆر و سەرچاوەی وێنەی شیعری )

تەوەری یەکەم :- پێناسە و چەمکی وێنەی شیعری

تەوەری دووەم :- جۆرەکانی وێنەی شیعری ( وێنەی شیعری لە ئەدەب و ڕەخنەی کۆن و نوێدا )

تەوەری سێیەم :- سەرچاوەکانی وێنەی شیعری

بەشی دووەم :- سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لە دەقە شیعرییەکانی کاکەی فەللاحدا

**بەشی یەکەم : پیناسە و چەمک و جۆر و سەرچاوەی وێنەی شیعریی :**

**تەوەری یەکەم : پێناسە و چەمکی وێنەی شیعریی :**

زۆرجار پێناسە و ناساندنی وێنەی شیعری لە ( کۆن و نوێ ) دا، لەڕووی مۆسیقا و ئاواز و ئیقاعی وشەکانەوە دەناسرێت و خودی پێناسەکە بریتییە لەو ئاواز و شێوە ڕازاوەییەی کە دوو مەبەست دەپێکن، لەلایەک وێنەکە دەرازێنێتەوە و لەلایەکی تریشەوە لەڕووی شێواز و زمانی دەربڕینەکەیەوە بەرەو جیهانی پێکەێنەری وێنەکە دەمانبات، بەو واتایەی ( دیارترین خەسڵەت لە شیعردا بریتییە لە مۆسیقا و وێنە ).( محوی، ٢٠٠٨-٢٠٠٩، ٢١ )

- (( وینەی شیعری سەمفۆنیایەکە شاعیر ئەو بابەتانەی پێدەخاتەڕوو کە لە دڵ و دەروونیدا پەنگیانخواردۆتەوە، تەلی ئاوازی شیعرەکانی گوێی خوێنەر دەیکات بە گۆرانی ، خوێنەر زۆرجار بەهۆی ئەو ڕەمزانەوە کە بەکارهاتووە، ناتوانێت بگات بە دڵ و دەروونی شاعیر، کە غەمباربێت یان بەختەوەر، ئایا خەیاڵی شاعیر درووستیکردووە، یان ڕەنگدانەوەی واقیعە )) . (مەجید،٢٠١٩، ٩) ئەوەی لەم پێناسەیەدا بەرجەستە دەبێت، ئەوەیە پێناسەیەکە بۆ شیعری ڕەمز و ئەو پەنهانییانەی دەروونی شاعیر کە ئەستەمە لێی تێبگەین، بەهۆی لێکدانەوەی جیاواز و خوێندنەوەی جیاوازەوە، بەم پێیە سەرچاوەی وێنەکانیش زۆر نادیار و نامۆ دەبن .

-( هەموو دەقێک بریتیە لە وێنە ). ( سەرچاوەی پێشوو، ٢١ )

-زۆرجار لە ڕەخنەی نوێدا وێنەی شیعری بە زمانی شیعرییەوە پەیوەستدەکەن ( وێنە زادەی وشە و واژەی زمانییە، وێنە بریتییە لە درکاندنی وشەکان، چ وشەی هەستیی بن، یان واتایی ڕوون). (محوی،٢٠٠٨-٢٠٠٩، ٢٢) ئەم پێناسانە بەپێی شێوازی قوتابخانە و

ڕێبازەکان دەگۆڕێن، بەڵام ناوەڕۆک و بنچینەی دەق وێنەیە، چونکە وێنەکان دەربڕی ئەو ژیان و ژینگەیەن کە شاعیری تێدایە و لەوێوە بیروباوەڕەکانی چەسپیوە .

-( وێنە هەڵگری دید و بۆچوونەکانی شاعیرە بۆ دەروبەری بە گوزارشتە زمانییەکان و شێوازە جۆربەجۆرەکانی دەربڕین، چەندین هەڵوێست و ڕاوبۆچوون دەخاتەڕوو، لەڕوانگەی هونەری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە ). (صالح، ٢٠٠٧، ٤٦ )

-( وێنەی شیعری وەکو کۆمەڵێک ئاوێنە وایە، کەلەچەند سووچێکی جیاوازەوە بابەتەکانی تیادا ڕەنگبداتەوە و زیندوویەتییان پێ ببەخشێت ). ( صالح،٢٠٠٧، ٤٦ )

-( وێنە ڕەگەز و بنەمایەکی گرنگی دەقی شیعرییە، کە بەیەکەوە وێنەکان یەکدەگرن و بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە دەقەکە دەخەنەڕوو). ( فرحات،٢٠٢١، ٣ )

-( وێنەی شیعری کاکڵە و ناواخنی دەقی شیعرییە، وێنە بنەمایەکی گرنگی شیعرە، ڕێگایەکی سەرەکی دارشتنی ئەزموونی شاعیرە، هۆکاری بڕیاردانی ڕەخنەگرانە لەسەر بەرهەمێکی ئەدەبی ). (بلغيث، ٢٠٠٩-٢٠١٠، ٧ )

-( وێنە ئامرازێکە، خەیاڵ و بیر و ئەندێشەی نووسەر دەخاتەڕوو، لەچالاکی و ئەزموونی ئەدەبییدا،

وێنە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە لە خەیاڵ و بیر و مۆسیقا و زمان و ئەندێشە و شێوازی دارشتن ). ( صالح والعتري ، ٢٠٢٠-٢٠٢١ ، ٥-٦ )

وێنەی شیعری بەپێی قوتابخانە و ڕێبازەکان و بەپێی ڕاوبۆچوونی ڕەخنەگران و نووسەران چەندین پێناسەی جیاوازی بۆکراوە، بە ڕای ئێمەش وێنەی شیعری ( وێنەی ئەزموون و بیر و تاقیکردنەوەکانی شاعیرە، وێنەی خەیاڵ و ئەندێشە و هەست و نەستی شاعیرە، کە زمانی دەربڕین زیندوێتییان پێدەبەخشێت و وێنەکانی دەروونی شاعیر لە دیدی خوێنەردا بەرجەستە دەکات. وێنەی شیعری سۆز ڕابەرایەتی دەکات و گەرم و گوڕیی سۆز وێنەیەکی ڕاستەقینە دەخاتەڕوو).

**تەوەری دووەم : جۆرەکانی وێنەی شیعریی ( وێنەی شیعریی لە ئەدەب و ڕەخنەی کۆن و نوێ ) دا :-**

وێنەی شیعری بەپێی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان چەند سروشتێکی جیاوازی هەڵگرتووە، هەربۆیە هێندەی جیاوازی ڕێباز و قوتابخانەکان هێندە جیاوازی کەوتۆتە تێگە و مانای وێنەی شیعرییەوە، بەپێی ڕێباز و قوتابخانەی کۆن – کلاسیک هەمیشە وێنەکان هەڵگری مانا و بیرێکی ئەقڵ ئامێز بوون. کە ئەقڵ ڕابەرایەتی شاعیری دەکرد

زیاتر لە سۆز، هەروەها دارشتنی پتەو و ساغ و پڕ مانا و کورت و چڕی هەبووە (د. صلاح فضل ) لەم ڕووەوە دەڵێت : (( تێگەیشتن لە مانای وێنەی هونەریی لە سرووشتی خۆیدا بە دوو ڕەوتدا ڕۆشتووە، لە ڕەوتی سەرەتادا بە مانایەکی کورت و چڕ لەناو چوارچێوەی ڕەوانبێژی و بەلاغەتکاریدا وێنە هونەرییەکان لە واتایاندا تەسکدەکرێنەوە، بەڵام ڕەوتی دواتر بەمانا و تێگەیشتنی نوێوە لێکدەدرێتەوە دوور لە لێکدانەوەیان بەپێی هونەرە ڕەوانبێژیەکان ولەخەیاڵێکی داهێنەرانەی شاعیرەوە سەرچاوەی گرتووە ،..., وێنەی هونەری پەیوستە بە خەیاڵەوە بەهۆی ئەو هەستانەوە کە لەخەیاڵ و ئاوەزیدا هەڵیگرتوون، هەرچەندە وێنەکان لەبیرێکی ڕاستەقینەشەوە سەرچاوە بگرن، بەڵام دەبێت لە دید و بۆچوون و تێڕوانینی نووسەرەکەیەوە وێنەبکێشرێ و گوزارشتی لێبکرێت )). ( فضل، ١٩٩٧، ٢١-٢٥ ) واتا لە قۆناغی کلاسیک گرنگی بە وشەکاری و سەنعەتکاری دەدرا و وەکو مەرجێکی گرنگ و سەرەکی ڕەخنە لە بەرەودا بوو، بەڵام لە ئەدەبی نوێدا زیاتر هەست و لێکدانەوە و سەرنجی شاعیر بۆ دەورووبەر دەکرا بە پێوانە (( هەربۆیە وێنەی هونەری لەکۆندا لەسەر چوار بنەرەتی سەرەکی وەستابوو، ئەوانیش – لێکچواندن و خواستن و درکە و جوانکاری بوون، لەکاتێکدا وێنەی نوێ لەسەر بنەمای هەست دادەمەزرێن کە ( هێڵ و ڕەنگ و جووڵە و سێبەر) بەیارمەتی سۆزەوە یەکدەگرن و بیرێک و بابەتێک دەبەخشن و زۆرجاریش چەند مانایەکی زۆر و جیاواز دەبەخشن بەهۆی بەکارهێنانی شێوازی زمانی دەربڕینەوە )). ( مجید،٢٠١٩، ١١-١٢ ) بێگومان ئەم ڕایەی دووەم لەسەر ئەو بنەمایە چەسپیوە هەر جۆرە بەکارهێنانێکی زمانیی مانای جیاواز لای خوێنەر دەخەنەڕوو، بەتایبەتی لای ڕێبازی ڕەمزی، دەقەکان لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا مانایەکی جیاواز دەخەنەڕوو، دەنگ و ڕەنگی جیاواز بە وێنە دەبەخشن. وەکو پێوانەی ڕەخنەی کۆن سەبارەت بە وێنەی شیعری : لە بازنەی ڕەوانبێژی و سەنعەتکاری زمان و جوانی وشە و واتا و دارشتنی ساغ و پتەودا وێنەکان دەبینرێنەوە، هەروەک ( رابح محوی ) لەم ڕووەوە چەند سەرنجێک دەخاتە ڕوو: (( لەلای جاحظ : شیعر چەند شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە : یەکەم بۆ دارشتنی بیر و ماناکان و دووەم پێشکەشکردنی بە ڕێگایەکی پڕ هەستی شاعیرانە و سێیەم بەوپێیەی بەهەست دەردەبڕێت، لە وێنەیەکی کێشراو دەچێت لە چۆنێتی دارشتن و ڕێکخستن و خستنەڕوویدا. قودامەی کوڕی جەعفەریش دەڵێت وشەی جوان و گونجاو بۆ مانا و مەبەستی شاعیر گرنگە، هەتا وێنەکان پوخت و ڕێک مانا بدەن بەدەستەوە. ئەبو هیلالی عەسکەریش

دەڵێت: گرنگی وێنە لە خستنەڕووی جوانی دەربڕیندا دەردەکەوێت، عبدالقاهیری جورجانیش دەڵێت: وێنەی شیعری لە دەربڕیندا کاریگەری خۆی هەیە، هەروەک وێنەکێشان کە چۆن لە دید و یادگەی خوێنەردا کاردانەوەی هەیە )). (محوی، ٢٠٠٨-٢٠٠٩، ٢٣، ٢٧،٢٤ )

لە ئەدەب و ڕەخنەی کۆندا زۆر گرنگی بە ڕووخسار دەدرا بە گشتی، لایەنی هەست و سۆز و ئەندیشە و خەیاڵی شاعیر فەرامۆش دەکرا لە پێکهاتنی وێنەی شیعرییدا، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا دید و سەرنجی زۆر جیاواز هەبوو بۆ پێوانەکردنیان و چۆنیەتی ڕایەڵە و پەیوەندی نێوانیان، هەروەک دەبینین خەیاڵ بە هەستی شاعیر ڕابەری دەکرێت و هەست دەبێت بە پێوەرێک بۆ چۆنیەتی گەڕان و ڕۆشتنی خەیاڵی شاعیر، هەتا شاعیر هەستەکانی لە ئاستێکی باڵادابێت و بیر و مەبەستی شیعرەکانی ڕاستگۆییان پێوە دیاربێت، لە چۆنییەتی هەستکردن بە دەوروبەری خۆیدا، ئینجا خەیاڵی شاعیر داهێنەرانە وێنەیەکی واقیعی دەنەخشێنێ، بەو واتایەی (( وێنەی شیعری بەبێ خەیاڵ نابێ و خەیاڵ زادەی ئەندێشە و بیری شاعیرە، هەربۆیە لە ڕەخنەی نوێدا پەیوەستکراوە بە هەستی مرۆڤەوە، بێگومان شاعیر هەست بە دەورووبەری خۆی دەکات، ئینجا خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیری لە دەوروبەرەوە سەرچاوەدەگرێ و ڕەهەندە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی شاعیر دەگرێتەوە، خەیاڵی شاعیر توانا هونەرییەکانی دەردەخات لە پەیوەندی واقیع و خەیاڵی خۆیدا )). ( محوی، ٢٠٠٨-٢٠٠٩، ٣٢-٣٣ )

ئاشکرایە هەتا ڕادەی هەستیاری شاعیر بەرزتربێت، زیاتر هەست بە کێشە و ئاڵنگارییەکانی سەردەم و بابەتە هەنووکەییەکان دەکات و بە خەیاڵی شاعیرانەی زۆرجار جیهانێکی ئارام پێکدەهێنێت، یان زۆرجار چارسەر بۆ کێشەکان دەکات و دەیانکات بە بەشێک لە سەرچاوەی وێنە و بنیاتی دەقەکانی، زۆرجاریش ئەندێشەی شاعیر لەلای ڕەخنەگران دەکرێتە پێوەر و بنەمایەکی نوێ، دەبینین (( لە ڕووی ڕەخنەوە ڕەگەزی ئەندێشە بە ڕەگەزێکی گرنگ و خوڵقێنەر دادەنرێ لە بنیاتی وێنەی شیعرییدا ،...، ئەندێشە هێزێکە لە هێزەکانی دەروونی ئادەمیزاد، وێژەر بەهۆیەوە دەتوانێ بە وشە و ڕستە و وێنەی هونەری شێوازی ڕەوانبێژی سازبکات، سۆز و هەڵچوون بگەیەنێتە گوێگر و خوێنەری بەرهەمەکانی، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی بەهێزی بە سۆزەوە هەیە ،...، تاقیکردنەوەکان بۆخۆیان بەرپاکەری سۆزن )). ( محمد امین، ٢٠١٢، ٦٥- ٦٦ )

لەئەدەبیاتی نوێدا سۆز و ئەندێشە پەیوەندییەکی بەهێزیان بە پێکهاتنی وێنەی شیعرییەوە

هەیە، لە ڕێبازی ڕۆمانسیدا وەکو پێوەرێکی سەرەکی دەدرێتە قەڵەم (( سۆز دەربڕی هەستەکانە لە ڕۆمانسیزمدا ،...، ڕۆڵێکی باڵای هەیە بۆ دروستکردنی وێنەی شیعری، لە ڕێگای وێنەوە هەست و سۆز و ئەندێشە دەگەیەنرێتە خوێنەر و کار لە دەروون دەکات. ئەندێشە وێنە دروستدەکات و وێنەش ئامراز و هۆکاری ئەندێشەیە ڕەگەزێکی گرنگ و کاریگەرە ئەو شتەی ڕۆمانسی بێ لە کاتی وەسفی شتەکاندا لەسەر بنەمای فریشتەی ئەندێشە بنیاد دەنرێ کە لە جیهانی ڕاستەقینە و واقیعدا بەدی نایەت هەربۆیە شاعیران پەنا دەبەنە بەر ئەندێشە لەبری واقیع )). ( محمد امین، ٢٠١٢، ٧٤-٧٥ )

لە ڕەخنەی کۆن و نوێدا گرنگی زۆر بە خەیاڵ و ئەندێشە دەدرێت و بنیاتێکی گرنگی وێنەی شیعرییە بەڵام بە دید و تێڕوانینی جیاوازەوە، وێنەی کۆن بریتییە لە داڕشتنێکی ڕەوانبێژی و وشەکاری و خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر چەند وێنەیەکی پڕ لە زیادڕەوی و پێڵیێهەڵکێشان ( مبالغة ) (( وێنەیەکی بینراو نییە بەڵکو هەستێکی مرۆڤانەیە، دیاردەیەکی هەستییە لە وێنەکێشانێکی بەرزدا، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا وێنە دیاردەیەکی ویژدانی وخودییە زیاتر لەوەی واقیعی بێت )). ( الغریبی، ٢٠٢١- ٢٠٢٢، ١٣-١٤ ) زۆرجار وێنەکان هەرچەندە خودی و ڕەنگدانەوەی ناخی شاعیر بن، دەبینین ڕەنگدانەوەی ژیانیشن و وێنەیەک لە وێنەکانی ژیان دەکێشن، هەرلێرەوە ڕۆڵی وێنە ڕەوابنێژییەکان بەرجەستە دەبێ، بەڵام بە مامەڵەیەکی نوێوە (( وێنە ڕەوانبێژییەکان جوانکارییەکی هونەرمەندانەیان تێدا بەرجەستە دەبێ، کە بریتیین لە ڕێگاکانی وێنەکێشانی ژیان بە داهێنانێکی هونەرمەندانەوە )). (الغریبی، ٢٠٢١-٢٠٢٢، ١٦ ) خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بەم پێودانگە وێنە لە کۆندا (( دەبێت بابەتیانە بخرێتە ڕوو، کەسێتی نووسەر جیاببێتەوە، لە ڕەخنەی نوێدا وێنەی شیعری ئاماژە و مانا جیاوازەکانی زمانە، بەمۆسیقا و ئیقاع ڕازاوەتەوە، بەهۆی وێنە ڕەوانبێژییەکانی وەک خواستن و خوازەوە خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر بەرجەستە دەبێت )). ( بلغیث، ٢٠٠٩-٢٠١٠، ١٠،٧ ) هەربۆیە وێنەکان وشەکاری و ڕەوانبێژی و مامەڵەیەکی زمانی بوو لە نێوان داڕشتنێکی پتەوی ڕەوانبێژیانە و واتایەکی جواندا، کە بابەتییانە مەبەستەکان دەخرانە ڕوو، ئەندێشە و خەیاڵ لە کۆندا تەنیا بۆ جوانکردنی دەق بوو لە نێوان جوانی وشە و جوانی واتادا، نەک بە مامەڵەیەکی داهێنەرانەوە. هەروەک ( تۆماس گراس ) دەربارەی شێوەی داڕشتنی کلاسیکیانە دەڵێت : ((فەرهەنگی شیعری بە گشتی ئاماژە بوو

بۆ ئەو وشەکارییەی شاعیر بەکاری دەهێنا وەک جۆرە ڕێکخستنێکی هونەرمەندانە )). ( J. A. Cudden، ٢٠٠٥، ٦٧٩ )

لە ڕەخنەی نوێدا بابەتەکانی دەقی شیعریی شێوازێکی خودی وەردەگرێ، کە خەیاڵی نووسەر ڕابەرایەتی دەکات. بەمجۆرە (عبدالرزاق بلغیث) زۆر بە وردی جیاوازی لە نێوان وێنەی کۆن و نوێدا دەکات لە ڕووی و زمان و شێواز و هێزی خەیاڵ و ئەندێشە و ئاوازی شیعرییەوە و دەڵێت :

١- وێنەی شیعری لە کۆندا دەربڕی ژیانی سادە و ساکار بوون، بەڵام وێنەی نوێ ئاڵۆز و بەیەکداچوو بوو، بەهۆی ئاڵۆزی ژیانەوە.

٢- وێنەی کۆن تاک لایەن و پەرت و بڵاو بوون، بەڵام لە نوێدا هەست و سۆزی شاعیریان پێوە دیارە.

٣- وێنەی کۆن هەڵگری ئاواز و مۆسیقا و کێش و سەروا بوون، وێنەی نوێ گرنگی دەدات بە ئاوازی دەرەوە و ناوەوە و چۆنێتی گۆکردنیان، لە شیعری کۆندا خەیاڵ پەیوەستە بە ڕاستگۆیی شاعیرەوە، بەڵام لە نوێدا ئەم لایەنە فەرامۆش دەکرێ چونکە ئەندێشە و خەیاڵ بە زیادڕەوییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، وێنەی شیعری کۆن بە یاسا داڕێژراوە، بەڵام وێنەی نوێ بە ئازادانە دەردەبڕێ بەبێ هیچ کۆسپێک وەکو لایەنی زمانی و ڕەوانبێژی و... )). (بلغیث، ٢٠٠٩-٢٠١٠، ١٣ ) لە ڕووی گرنگی هێزی خەیاڵ و چۆنیەتی مامەڵە پێکردن و بەکارهێنانی لە وێنەی شیعری کۆن و نوێدا جێگەی بایەخ و گرنگی ڕەخنەگرانە، وێنەی شیعری کۆن لەبەرئەوەی سەنعەتکاری و گرنگیدان بوو بە لایەنی زمانی و وێنە ڕەوانبێژییەکان هەر بۆیە هێزی خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیر تارادەیەک کەم دەرۆشت و مەودای لەبەردەمدا تەسک بوو زیاتر بۆ بەخشینی ئاواز و مانایەکی جوان و دارشتنێکی پتەو بوو (( وێنەکان لە ئەدەبیاتی کۆندا تەنیا بۆ جوانی بوون و وێنەیەکی چەسپاو و نەجووڵاو بووە )). ( فرحات،٢٠٢١، ٦ ) بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا خەیاڵی شاعیر وێنەی نوێ و ناوازە دروستدەکات کە هەستەکانی مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت دروستیان بکات و درکیان پێبکات، واتا دەبێت شاعیر بە هێزی خەیاڵی هەستەکانی بخاتە ئاستێکی باڵا و هەستیارانە ڕوو لە واقیعی ژیان بکات، ئەو خەیاڵەش دەبێت داهێنەرانە بێت و وێنەکان دەربڕی ئەو هەستە ناسک و باڵا و نموونە بەرزانە بێت کە خەیاڵی ناوازەی شاعیر دروستیکردوون کە مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت هەستیان

پێبكات بەو واتایەی (( هێزی خەیاڵی شاعیر دەبێت داهێنەرانە بێت )). ( صالح و العتری،٢٠٢٠-٢٠٢١، ٢٨ )

بەمەش خەیاڵ لەگەڵ هەستدا بە ڕوتێكدا دەڕوات هەتا بابەتێكی سەرنج ڕاكێش و نامۆ دەكات بە هەوێن و ناوەرۆكی دەق، جارێكی تر و لە ڕوتێكی تردا – لە هەمان كاتدا – لەگەڵ ئەندێشـەدا دەڕوات و داهێنەرانە بە بیـرێكـی ورد و دەربڕینـی گونجـاو كـاریگەری لەسەر خوێنەر دەبێت هەتا كاردانەوەی زیاتر لەسەر خوێنەر دروستبكات هێزی خەیاڵ و ئەنـدێشـە داهێنەرانەتـرە. بەپێی پێودانگـی ڕەخنـەی نـوێ كە بـریتییە لە دووبـارە دروستكردنەوە و بنیادنانەوەی واقیع بە پێكهاتەكانیەوە بە شێوازێكی جوانكاری هونەریانە واتا بریتییە لە دروستكردنی وێنەی نوێ بە بنیادێكی تازەتر لەوەی كە بەچاو دەیبینین (( لە ڕەخنـەی هاوچەرخدا خەیـاڵ بە گونجاندن و ڕێكخستنی چەند ڕەگەز و پێكـەێنەرێكی جیـاواز و دوورلەیەک دەوتـرێ كە چۆن شـاعیر دەیـانگونجێنێ لەگەڵ یەكدا و وێنەیەكیان پێ دروستدەكات )). (صالح و العتری، ٢٠٢٠-٢٠٢١، ٣٠ ) هەروەها بریتیە لە چۆنیەتـی دارشتنەوەی واقیع بە جوانكردنی یان بە ناشرینكردنی كە هێز و توانای خەیال و ئەندێشەی شـاعیر بەرجەسـتەی دەكەن، بەمەش دەقەكـان لە ئەدەبیـاتی نـوێدا ئەرک و پەیامـدارییان لەئەستۆدایە و خاوەنی ئیلتیزامن.

كەواتە وێنەی شـیعری لە قوتابخـانە و ڕێبازەكانـدا هەریەكەو بە پێی تایبەتمەنـدی و هەلومەرجی دروستبوونی بەجۆرێكە وێنەی شیعری لە كلاسیكدا ئەقڵ ڕابەرایەتـی دەكات، بەڵام گرنگـی بە خەیـال دەدرێت چـونكە (( كـاتێک ئەقڵ ڕاستییەكانت بـۆ دەردەخـات مانـای وایە خەیاڵ پارمەتیدەر بووە، بەڵام لە ئەدەبی ڕۆمانتیكدا خەیـاڵ هێزی كـۆكەرەوەی هەمـوو ڕەگەز و پێكـەێنەرەكـانی شـیعرە، بەڵام پەرناسـییەكان دووركەوتـنەوە لە خـودی نووسـەر و هەڵچوونە دەروونییەكـانی وێنەكان ڕەنگدەرەوەی نـاوەرۆک و خودی بابەتەكان بوون، هەروەها لە ڕێبازی ئەدەبی ڕەمزیدا وێنەكان لێكدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن، ئەدەبی سـوریالیزمیش وێنەكانیـان ئـاڵـۆز بـوو، بە نەسـت و لاشـعوری مـرۆڤەوە پەیوەسـتیاندەكرد، وێنەكان سەرچاوەكانیان خەو و خەیاڵ و بابەتی نالۆجیكی و شتی ئەستەم بوو )). ( صالح و العتری، ٢٠٢٠-٢٠٢١، ١٤-١٥ ) بەم پێیە بنەمای وێنەی شیعری لە ئەدەبیاتی نوێدا مانا و لێكدانەوەی جیاواز دەبەخشێت و پێكەێنەرو و بنەمای دروستبوونیان جیاوازە و بە ئاقاری جیاوازدا ڕۆشتوون (( لە ئەدەبیاتی كـۆندا وێنەكان بـۆ جوانی بوون و وێنەیەكی چەسپاو و نەجوڵاویان دەخستەڕوو، بەڵام لە ئادەبیاتی نوێدا جووڵە و زیندوویەتیان پێوە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2025 Volume :15 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

دیارە و پەیامێک هەڵدەگرن و بابەتێکی مرۆڤانە دەخەنەڕوو )). ( فرحات،٢٠٢١، ٦ )
واتا وێنە ئامرازێکە بۆ خستنەڕووی ئامانجێک، کە وێنەکێشانی ڕاستگۆیانەی واقیعە و ئەرک و مەبەستی شیعری پێ دەکەوێتەڕوو.

**تەوەری سێیەم / سەرچاوەکانی وێنەی شیعری :**

وێنەکان لە دەقە شیعرییەکاندا لەگەڵ بابەت و بیری سەرەکیدا گونجاندن و هارمۆنییەکی تەواویان پێوە دیارە، بەو واتایەی ئەو بابەتانەی دەبێ بە هەوێن و ناوەرۆکی شیعر وێنەیەک لەلای خوێنەر بەجێدەهێڵن، کە ڕەنگپێدەرەوەی جیهانی تایبەتی و بیر و تێڕوانینی نووسەرن بە دەربڕین و گوزارشتی تایبەت بە خۆی، وێنەکان دەخاتەڕوو. بێگومان سرووشتی ئەو قوتابخانانەش هۆکارێکی گرنگن لە گۆڕینی ئاراستەپێکردنی شاعیردا و لە چۆنێتی و چەندێتی سەرنجدانی لە بابەتەکانی ڕۆژگار و سەردەمی خۆی، چونکە کۆمەڵگا کەم و زۆر کاریگەری لەسەر ڕەوتی بیری تاک هەیە و ڕادەی پەیوەستبوونی شاعیر بە ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕێباز و مۆدێلی شیعری ئەو سەردەمەوە کاردانەوەی خۆی هەیە، بەڵام بابەت و بیری سەرەکی لەناو ئەدەبی کوردیدا لایەنی نەتەوەیی و خەبات و کۆڵنەدان و خۆشەویستی خاک و نیشتمان هەمیشە ئاماژەی پێدراوە، هەر لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆرەوە هەتا هەموو قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییەکان گرنگیان بەم لایەنە داوە تەنانەت لە ئەدەبیاتی ڕۆمانسیشدا جگە لە دەربڕین و گوزارشت لە خودی شاعیر بابەتی سەرەکی بوون (( وێنە شیعرییەکان لە ڕۆمانسییەتدا گرنگیان داوە بە وەسفکردنی سرووشت و ئاوێزانبوون لەگەڵ سرووشتدا و دژی نایەکسانی و زوڵم و زۆرداری، وێنەکان هەڵگری گیانێکی ئازادیخوازانە بوون بۆ تاک و وێنەکان هەڵگری ڕاز و نهێنییەکانی نووسەرن، لە ڕیالیزمیشدا شیعر وێنەی کێشە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵایەتی کێشاوە، بەڵام بە تێڕوانینێکی ڕیالیزمیانە دەیانڕوانییە پەیوەندییەکانی واقیع، نەک وێنە کردنێکی دەقاودەق بوون، بەڵکو گەڕان بووە بەدوای ڕاستییەکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیدا )). (محمد امین، ٢٠١٢، ٨١- ١١٣ )

بەڵام لەبەر ئەوەی نووسەر هەڵقوڵاوی کۆمەڵگاکەیەتی کە لێوەی فێری داب و نەریت و کلتوور بووە، هەربۆیە ئاستی ڕەهەندی دید و بۆچوونەکانی چەند مەودایەکی دووریان دەبێت (( بناغەیان لە کلتووری ئەو کۆمەڵگایەوە درووستبووە کە خۆی لە کلتوری ئاینی و کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و فەلسەفەی ژیان و دید و تێڕوانینی کۆمەڵدا دەبینێتەوە،

وێنەی شیعرەکانی چۆنیەتی باری سەرنجی شاعیرە بۆ ئەم جیهانە فراوانە )). ( بو قردون،٢٠١٤، ١٨٠ )

هەرچەندە وێنە هونەرییەکان سەرچاوەکانیان لە کلتووری کۆمەڵ و ڕێ و ڕەسم و داب و نەریت و سرووشت و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵەوە وەرگیرابێت، دەبێت بە پێی شێواز و چۆنێتی دەربڕینیان، سرووشتی ئەو قوتابخانە و ڕێبازە وەربگرێت کە پێی دەنووسرێت و لە ڕەخنەی نوێشدا شوێن و پایەیەکی گرنگی بۆ دانراوە، سەرچاوەکانی وێنەی شیعری چەند دابەشکردن و جیاکارییەکی زۆری بۆ کراوە، بۆ نموونە ( د.عثمان امین ) بەمجۆرە سەرچاوەکانی وێنەی شیعری دیاری دەکات :

(( ١- ئەو وێنانەی بەهۆی هەستەکانی مرۆڤەوەن وەک هەستی( بینین و بیستن و بۆنکردن و چەشتن – تامکردن ) ٢- وێنەی شیعری بە هۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژی ٣- وێنەی شیعری بەهۆی بابەتی باسکراوەوە ٤- وێنەی شیعری بەهۆی گوزارشت لە خودی شاعیر ٥- وێنەی شیعری بەهۆی ئاوازەوە )). (صالح ، ٢٠٠٧ ، ٤٥) ئەوەی لەم دابەشکاریەدا جێی بایەخ بێت، ئەو خاڵانەن کە دەبن بە سەرچاوە و بابەت و ناوەرۆکی شیعر وەکو لە خاڵەکانی یەکەم و سێیەم و چوارەمدا دەبینرێن، نووسەر ئاماژەی نەداوە بە سەرجەم ئەو سەرچاوانەی کە ناوەرۆکی شیعر پێکدەهێنن لە لایەک لەلایەکی تریشەوە ڕوخسار و ناوەرۆکی وێنە هونەرییەکان زۆر تێکەڵ و ناڕێک دابەشکراوە، بۆ نمونە لە خاڵی دووەمدا وێنەی شیعری بەهۆی بابەتی باسکراوەوە هەر ئەو وێنانەن کە شاعیر هەستیان پێدەکات، هەر لە هەمان کاتدا زۆرجار ئەوانەشن کە پەیوەستن بە خودی شاعیرەوە و گوزارشتی لێدەکەن، ئەمانە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە لە شیکردنەوەی وێنەی هونەری بە هۆی بابەتی باسکراوەوەدا، نووسەر خۆی دەڵێت: (( ئەو بابەتانەی باسدەکرێن گوزارشتن لە دید و بۆچوونی نووسەر یان شاعیر، ناوەرۆکی شیعری بریتییە لە گوزارشتکردن لەو باسانەی کە دید و بۆچوونی شاعیر درکیان پێدەکات و لە دەورووبەریدا سەرنجی ڕادەکێشن )). (صالح ، ٢٠٠٧، ٤٧) ئەم ڕایەی نووسەر هێندەی تر بۆچونەکەمان دەچەسپێنێ و دابەشکارییەکە بەرەو هەڵە دەبات.

سەبارەت بە سەرچاوەکانی وێنەی شیعری ( سعد بن عبدالله الغریبی ) دەڵێت : (( وێنە ڕەوانبێژییەکان و وێنە ڕەمزییەکان وەکو ( ڕەمزی سرووشتی و مێژوویی و سۆفیگەری ) وێنە هەستییەکانن کە هەستەکانی مرۆڤ درووستیاندەکات )). ( الغریبی ، ٢٠٢١-٢٠٢٢، ٣٥ )


مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٣

لێرەوە نووسەر ئاماژەی بە ڕەمزە کلتووری و ئەفسانەیی و داستانی و چیرۆکی و .... نەداوە، هەروەها ڕەمزی ئایینیشی بە ڕەمزی سۆفیگەری ناوبردووە، کە ڕەمزی ئایینی گشتگیرترە و مەرج نییە هەموو ڕەمزێکی ئایینی سۆفیگەریی بێت، هەروەها چەندین دابەشکاری تر بۆ سەرچاوەکانی وێنەی شیعری دەکرێت کە (قورئانی پیرۆز و کلتوور – کلتووری ئەدەبی، ئایینی، ئەفسانە و داستانی ، کلتووری میللی، سرووشت ). ( خمار، ٢٠٢٠-٢٠٢١، ٣٣ )

قورئانی پیرۆز زادەی چەندین بیر و مەبەست و بابەتی ناو دەقی شیعرییە، زۆرجار شاعیر ئیلهامی لێ وەرگرتووە، ئاماژەی بە موعجیزەکانی قورئان داوە، ، لە ڕووی (( واژە – لفظ و شێوازی زمانیی لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ئاماژەن بە موعجیزەکانی قورئان تاقیکردنەوەیەکی ڕاستگۆیانە دەخەنەڕوو، کە زۆر تایبەتی و ناوازەن و خوێنەر بەرەو ئاوێزانبوون دەبەن لەگەڵ دەقە شیعرییەکاندا، ئەم شێوازە خۆشگوزەرانییەکی دەروونی دەخەنە دڵی خوێنەرەوە و مەودای دووری بابەتەکان دەخەنەڕوو، یان ڕەهەندەکانی وێنە تۆمار دەکەن )). ( خمار، ٢٠٢٠-٢٠٢١، ٣٤ )

زۆرجار شاعیر ئاماژە دەدات بە کلتوور و پاشماوە ڕۆشنبیرییەکانی نەتەوەکەی، کە نیشانەی وریایی و ڕۆشنبیری شاعیرن لە ئاگاداربوونی لە سەرجەم بەش و پێکهاتە کلتوورییەکان و پاشماوەکانی پێشینی نەتەوەکەی، یان ئاماژە دەدات بە کلتووری نەتەوەیەکی تر، بە هۆی کاریگەربوونی ئەو ژینگە و کلتوور و داب و نەریتەی تیایدا پەروەردە بووە.

کلتوور خۆی لە کلتوور و داب و نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و مێژوویی و فەلسەفی و میللیدا دەبینێتەوە، زۆرجاریش نووسەر یان شاعیر ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی سەردەم و کێشە و گرفتە جیهانییەکانە، یان کارەسات و جەنگ و نەهامەتییەکان کە نەتەوەکەی خۆی و نەتەوەکانی تریشی گرتۆتەوە، وەک و جەنگە گەورەکان و ڕووداو و بەسەرهاتە دیارەکان.

زۆرجاریش ڕووداوە ڕامیارییەکان کاردانەوەی خراپیان لەسەر دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگاکەی دروستکردووە، هەربۆیە زۆرجار شاعیر دەیەوێت دووربکەوێتەوە لەو شوێنانە، زۆرجاریش بە ناچاری پەنا دەباتە بەر گەڕانەوە بۆ ژیانی سادە و ساکاری جاران و خۆزگەی گەڕانەوەی ئەو ڕۆژگارانە دەکات.

هەندێک جاریش پەنا بۆ ڕەمز دەبات، وەکو ڕەمزی داستان و ئەفسانە و چیرۆکەکان، کە ڕۆژگار و ژیانی نووسەر پێویستیان بەو جۆرە ڕەمز و شاردنەوەیە هەیە لە دەربڕیندا ((

زۆرجاریش شاعیر لەبەر ئەوەی ڕەمزی داستان و ئەفسانەکان دید و تێڕوانینێکی فراوانتر لە دیدی تایبەتی شاعیر دەخەنەڕوو، کە مرۆڤایەتی تیایدا بەشدارە، زۆرجاریش وەکو مەرجێک دەبوو لە شیعردا پەیڕەوی بکرایە، هەروەک لەلایەن ڕێبازی ئەدەبی ڕەمزییەوە بەکاردەهات )). (خمار، ٢٠٢٠-٢٠٢١، ٤٤)

ئەم دیاردەیەش وادەکات دەقی شیعری پێکهاتەیەکی ئەفسانەیی و پێکهاتەیەکی ئەزموونی تایبەتی

نووسەریان پێوە دیاربێت. وێنەکان لە دیدێکی تایبەتییەوە زۆر ڕەهەند و دیدی جۆربەجۆر دەخەنەڕوو، ئەمەش پێکهاتەی دق بەرەو کاملبوون دەبات. وێنەکان ڕەنگدانەوەی هەست و ویژدانی شاعیرە و چۆنیەتی بینینی واقیعە و باری سەرنجی شاعیر درووستیاندەکات، لەبەرئەوەی (( خەیاڵی شاعیر لە واقیعی هەستپێکراوەوە وەردەگیرێت و دواتر وێنەکان لە دیدگای هونەری شاعیرەوە بنیاد دەنرێن )). (عصفور،١٩٨٣، ١٣ )

زۆرجاریش کلتوری میللی وەکو کلتورێکی کۆمەڵایەتی کە (( گۆرانی و پەند و چیرۆک و سەرگوزشتە و قسەی نەستەق و مەتەڵ دەگرێتەوە، لەڕووی میللییەوە – جلوبەرگ و خواردن و هەڵسوکەوت و ڕەوشتی کۆمەڵگایەک دەخاتەڕوو، سروشتیش بناغەیەکی سەرەکی و گرنگی وێنەی هونەریە ، زۆرجار وێنەی سروشت بۆ خۆشەویستی نیشتمان و پیرۆز ڕاگرتنێتی، سەرەڕای خستنەڕووی جوانیەکەی، ئاماژەدان بە سرووشتی ناوچەکانی تر لە دەقی کۆن و نوێدا نیشانەی وردیی سەرنجی شاعیرە لەوەسفی ورد و سەرنجی شاعیرانەیدا )). ( خمار، ٢٠٢٠- ٢٠٢١ ، ٤٧) شاعیر لە دەقی کۆن و نوێدا سەرنجی لە سروشت داوە و دەربڕی غەم و مەینەتی و خۆشی و شادییەکانی بووە، هەربۆیە زۆرجار مانگ و ڕۆژ و ئەستێرە و ئاو و با و بارانی دواندووە و بەشداری پێ کردووە لە خستنەڕووی باری دەروونیدا، زۆرجار هێزی خەیاڵ پەلکێشی دنیای تایبەتی خۆیی دەکات و ((چەندین وێنەی ڕەمزیی و ئەفسانەیی درووست دەبێت، شاعیری داهێنەر بەدوای شتی نەبینراو و درکپێنەکراودا دەگەڕێت، داهێنانیش لە هەڵبژاردنی وشە و دەربڕینی شیاودایە )). ( بلغيث،٢٠٠٩-٢٠١٠، ٩٨ ) بێگومان چۆنییەتی ئاماژەپێکردنەکان و شێوازی تایبەتی هەر شاعیرێک، پەیوستە بە ئاست و ڕەهەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکەیەوە.

ئاشکرایە بەکارهێنانی ڕەمز لە سروشتی خۆیدا بۆ دەربڕینی ئەو وێنانەیە کە شاعیر دەیەوێت بە شێوەیەکی پەنهانی و شاراوە دەریانببڕێت و هەڵقوڵاوی ناخی شاعیرن و ویست و مەبەست و پەنهانییەکانی دەرونی دەردەبڕن (( ئەو وێنانەی بە ڕەمز دەردەبڕێن



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٣

بە شێوازێکی ناڵۆجیکی پەیوەندی نێوان وشە و واتاکانیان درووست دەکەن و سنوور بۆ ماناکانیان نییە، زۆرجاریش بارودۆخی مرۆڤانە و سۆزداریشیانە، پەنا بۆ ڕەمز دەبرێت و خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیدا پێی کاریگەر دەبێت و هەست بە مانـاو دەلالەتە شاراوەکانی دەکات، چونکە بابەتی مرۆڤانە لە ئەزموونی دووبارەبووەوەدا، دەبینرێتەوە )). ( بلغیث، ٢٠٠٩-٢٠١٠ ، ١٠٠ ) بەو واتـایەی خوێنەر کـاریگەر دەبێت بەو ڕەمـزانە و بەپێی بیر و هەست و ئاستی درککردنی بە دیاردەکانی دەوروبەری خۆی مانا بە دەقەکان دەدات و زۆرجاریش شاعیر لە بێزاری و نـاڕەزاییەوە بۆ بـابەت و ڕووداوەکان بە ڕەمـز زۆر کێشە و گرفت دەخاتە ڕوو، بیر و ئـاوەزی خوێنەر لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا مانای نوێی پێ دەبەخشن، بەمەش ئەرک و پەیامی ( ڕێبازی ئەدەبی ڕەمزی ) بەرجەستە دەبێت. بێگومان نووسەریش بۆ ئەم گوزارشت و ڕەمزانە دەبێت دەربڕینەکانی سانا و ساکار نەبن، جوانی دەق و چێژی دەق لە تەمومژ و ئاڵۆزیدا دەبینرێتەوە، لەم سۆنگەیەوە چەندین جۆر ڕەمزی ئایینی و کـۆمەڵایەتی و چینایەتی و کلتوری و ئەفسانەیی و داستانی و چیرۆکی میللی دەبینرێنەوە.

لە ڕەخنەی نوێدا زۆرجار پەنا دەبرێتە بەر هێزی خەیاڵ لە درووستبوونی وێنەی هونەریدا بیر و ناوەرۆکی دەقی شیعری لە خەیاڵی شاعیرەوە بەرهەم دێت (( وێنەی شیعری زادەی خەیاڵی شاعیرە کە هەستەکانی مرۆڤ ناتوانێت درکیان پێ بکات، هێزی خەیاڵ توانای داهێنەرانەی شاعیرە ، لەگەڵ هەستەکانیدا یەکیان دەخات و وێنەکانی پێ درووست دەکات )).( صـالح و العتـري، ٢٠٢٠- ٢٠٢١، ٣١-٣٢ ) بەڵام کـاتێک شـاعیر وێنەی واقیع دەکێشێت بە دید و هزرێکی خودیانەوە ئەوەی لەگەڵ حەز و خولیا و ویست و کەسێتی تایبەتیدا بگونجێ دەیانکات بە سەرچاوە و هەوێنی شیعرەکانی و هێزی خەیاڵی شاعیر هەتا داهێنەرانە بێت زیاتر کاردانەوەی لەسەر خوێنەر دەبێت، بەپێی پێوادانگی ڕەخنەی نوێ (( کە بریتییە لە دووبارە بنیادنانەوەی واقیع بە پێکهاتەکانی و هەموو بوونیەوە بە شێوازێکی جوانکاری و هونەرمەندانە )). ( صالح، ٢٠٢٠-٢٠٢١، ٣١-٣٢ )

لەبەرئەوەی وێنەی شیعری هۆکارێکە شاعیر گوزارشت لە خودی خۆی دەکات و بەهۆیەوە هەستە پەنگخواردووەکانی پێ دەردەبڕێت، بەڵام هێزی خەیاڵ دەبێت داهێنەرانە بێت لە چۆنییەتی پیشاندان و خستنەڕووی ئەو واقیعەدا کە ئایا جوانتری دەکات یان ناشرینتر. بەم جۆرە خەیاڵ ڕۆڵێکی دوولایەن دەبینێت جارێک لەگەڵ هەستدا دەڕوات دەبێت هەستەکانی شاعیرانە و نوێ بێت و لە ئاستێکی باڵادا بێت و بابەتێکی

سەرنجڕاکێش بخاتە ڕوو. لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەندێشەدا دەڕوات، هەتا ئەندێشە تیژڕەو بێت، پیشاندانی واقیع و بابەتەکانی ژیان جوانتر دەکەونە ڕوو کە زمانی دەربڕینیش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە.

بەمجۆرە هەموو ڕەگەز و پێکەێنەرەکانی وێنەی شیعری هێندە بەیەکداچوون و یەکتری تەواو دەکەن، کە یەکێکیان بەبێ ئەویتر نرخی هونەری نابێت، هەتا هەریەک لەم پێکەێنەرانە بەرز و بەپێزبن و لە ئاستێکی باڵادابن ئەزموونێکی ڕەسەن دەخەنەڕوو و وێنەیەکی ڕاستەقینە و زیندوو پیشان دەدەن.

**بەشی دووەم :- سەرچاوەکانی وێنەی شیعری لە دەقە شیعرییەکانی کاکەی فەلاح دا :**

شاعیر زۆربەی شیعرەکانی بۆ بابەتی نیشتمان و نەتەوەکەی تەرخان کردووە و ئەم لایەنە پانتاییەکی فراوانی لە شیعرەکانیدا داگیرکردووە، ئاوڕی لە زۆر بابەت داوەتەوە و زۆر بوار بوون بە سەرچاوەی چنینی چەندین دەقی شیعری جوان و بە پێز، کە هەمیشە شاعیر هەوڵیداوە بە زمانێکی سادەو ساکار و بە ریتم و مۆسیقایەکی گونجاو، جیهانە شیعرییەکەی بڕازێنێتەوە. هەر بۆیە زۆر بابەت و ڕاز و پەنهانییەکانی دەروونی لای خوێنەر ئاشکرا دەبن.

شاعیر لە ( کاروانی شیعری نوێی کوردی ) دا بابەت و ناوەرۆکی شیعرەکانی خۆی بەسەر چەند هێڵێکی گشتیدا دابەش دەکات : (( کەواتە هەوێن و ناوەرۆکی ئەدەبی، دەرد و ئازار و چەوساندنەوەی هەژار و لێقەوماوان، زۆر و ستەمی زۆردار و خوێنمژ، دیمەنی ڕازاوەی کوردستان و خۆشەویستی مرۆڤی کورد، سەربەستی ماف و بایەخی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، کاروباری کۆمەڵایەتی، منداڵ و جیهانە تەلیسماویەکەی، لەبەرهەمەکاندا سەرجەم هەن و جێگیرن )). ( کاکەی فەلاح،١٩٨٧، ٢٠٢ – ٢٠٣ ) بەڵام بە ڕاوبۆچوونی ئێمە ئەو بابەتانەی دەبن بە سەرچاوەی وێنە هونەرییەکان لای کاکەی فەلاح پێویستە بەسەر چەند ناونیشانێکدا دابەشبکرێت کە خوێنەر بێ ئاڵۆزی و گرێ دید و سەرنجەکانی شاعیری بۆ ئاشکرا ببێت سەبارەت بە دیاردەکان و لە لایەکی تریشەوە زۆر بابەت کە پەیوەستە بە لایەنی مرۆڤانە، یان بە خاک و نیشتمانەوە لەژێر سایەی یەک ناونیشاندا کۆبکرێتەوە ، لەم سۆنگەیەوە هەوڵماندا‌وە سەرچاوەی وێنە شیعرییەکانی (کاکەی فەلاح ) بەم جۆرە دابەشبکەین :-

١-**سەرچاوە نیشتمانی و نەتەوەییەکان** : نیشتمان و نەتەوە لەناو جیهانە شیعرییەکەی شاعیردا ، جێگەیەکی دیار و بەرچاویان هەیە، لەم ڕووەوە زۆر بابەت و لایەنی پەیوەست بە

نیشتمان و نەتەوەکەی دەبن بە هەوێنی چەندین دەقی شیعری بەپێز، بۆ نمونە زۆرجار ئاوڕ لە کێشە و ئاستەنگەکانی ژیانی کرێکار و جوتیار و چینی چەوساوەی میللەتەکەی دەداتەوە کە هەمیشە بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونیان بۆ ئاغا و دەرەبەگە و بە هەموو جۆرێک دەچەوسێنرێنەوە بەتایبەتی لەو کات و سەردەمەی شاعیردا، بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی بیری ئازادیخوازانە و باس و خواسی چەوساندنەوە و خەباتی چینایەتی لەبرەودا بووە، شاعیر لە قۆناغی منداڵییەوە لەناو کۆمەڵێکدا گەورە بووە چەوساندنەوەی چینایەتی تێدا بووە، بێگومان کە چاوی کراوەتەوە زۆر کێشە و نەهامەتی و چەوساندنەوەی جوتیار و چینی خوارەوە و ڕەش و ڕووتی بەدەست ئاغا و شێخەکان بینیوە، بەتایبەتی (( ناوچەی شارباژێرکە شوێنەزایەتی، ناوچەیەکی لادێیە و جوتیار نشینە، چەوساندنەوەی چینایەتی زۆر بە زەقی پێوە دیاربووە، چیرۆک و بەسەرهاتی ژیان و گوزەرانی ئەو چەوساوانەش وەک هەوێنێک لەسەرەتاوە کەرستەی بایەخی شیعر و هۆنینەوەی ئەم شاعیرەمان بووە )). ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ٨ ) هەروەها (دکتۆر ئیحسان فوئاد) دەربارەی هەڵوێستی نیشتمانی کاکەی فەلاح دەڵێت : (( کاکەی فەلاح هەر لە ( ١٩٤٨-١٩٤٩) ەوە هۆنراوەی ئازادیخوازانەی هەبووە، بۆیە کڵاوەکەی بە دەستی کۆنەپەرست و کاربەدەستانی ئەو سەردەمە خواربووەوە و درابووە بەر چەپۆک )). ( کاکەی فەلاح،١٩٨٧، ١٩٢) بۆ نمونە لەم پارچە شیعرەیدا ڕوودەکاتە چینی کرێکاران و قوتابیان و جوتیاران و سەپان و چەوساوە و دەڵێت ڕاپەڕن و هەوڵی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی ڕەوڕەوەی مێژوو بدەن و لە کۆت و بەند خۆتان ڕزگار بکەن:

(( کرێکار و قوتابی و چینەکانی ڕووت و بێ نانت

سەپان و کاکی فەلاحی بەرەی تاڵان کراوانت

لەگەڵ کیژ و هەتیوانی کزی بێ سووچ و تاوانت

ئەڵێ دەی ڕاپەڕە و گوێ بگرە کففەی خوێنی لاوانت

بەدەربەستی نەیەی تا دوا دڵۆپی خوێن بچۆڕێنی

لەتۆ دێ ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو پێش بسووڕێنی )) ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ١٠-١١ )

جێی ئاماژەیە کە نازناوی ( کاکەی فەلاح ) بەهۆی ئەم دەقە شیعرییەوە بەسەر شاعیردا دابڕا

( کاتێک شاعیر لە ساڵی ( ١٩٤٧ ) دا لەکۆبوونەوەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان کە پارتی کۆمۆنیست و حیزبی ئازادکردنی نیشتمانی لە سلێمانی ئەم شیعرەی خوێندۆتەوە، پێشەکی شیعرەکەش بە پارچە پەخشانێک بەناوی فەلاحە ڕەش و ڕووتەکان و چەوساوەکانی ناوچەی شارباژێرەوە بووە، لەقەبی (کاکەی فەلاح ) ی بەسەردا بڕا ). ( دیوانی کاکەی فەلاح،١٩٨٧، ١١ )

هەروەها شاعیر زۆر شیعری بۆ سەربەستی وتووە، کاتێک لە زینداندا بووە، هیوا و ئومێدی بە هەڵهاتنی ڕۆژی نوێ و هاتنەدی سەرفرازی یەکجاری بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی بووە، بەو پێیەی شاعیر کەسایەتییەکی دیاری هەبووە و لە حیزبی شیوعیدا ئەندام بووە و بەشداری زۆر شۆڕش و ڕاپەڕینی کردووە، بەو هۆیەوە زیندانی کراوە (( لەسەر بەشداربوونی ڕاپەڕینەکەی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ ساڵێک بەندی و ساڵێک دەسبەسەری حوکم درا و بەندییەکەی لە نێوان بەغداد و کوت و دەسبەسەرییەکەی لە پارێزگای ناسرییەدا ( ئەبو غرێب ) دا )). ( دیوانی کاکەی فەلاح،١٩٨٧، ١٢ ) بەناوی (لەجەرگەی تاریکییەوە ) ڕوودەکاتە سەربەستی و دەڵێت :

(( سەربەستی ئەتپەرستم
تۆی تاقە خۆشەویستم
تۆی ئاینم تۆی بڕوام
تۆی ئاواتم تۆی هیوام )) ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ١٢ )

هەروەها چەندین دەقی شیعری بۆ چینی چەوساوە و کرێکار وتووە وەک لە شیعرەکانی: ( گوڵی بەجێماو، ئەی شەو، لەجەرگەی تاریکیەوە، گەڵاڕێزان، بەندیخانە لە جەژنا ) لەم دەقانەدا هیوا و ئومێد بەدی ناکات و لە کڵاوڕۆژنەیەکی تەسکەوە لە داهاتوو دەڕوانێت، زۆرجاریش هیوا و ئومێدی بە نەوەی خوێن گەرم و نەوەی دوارۆژ هەبووە بەو هیوایەشەوە لە زۆر دەقی شیعری گەشبینانەدا دوارۆژی ڕوناک و داهاتووی پرشنگدار بۆ نەتەوەکەی دەخوازێت، وەک لە شیعرەکانی : ( ڕۆژێکی نوێ، ئەی کامەرانی، هیوا، یۆخەی، ئەو گەلەی، مرۆڤ، نەورۆز، هیوا و .... ) شاعیر هەمیشە هەوڵی داوە میللەتەکەی ڕاپەڕن وکۆڵنەدەن و خەباتی بێوچان بکەن هەتا وەکو گەلانی تر ئازادییان دەستگیربێ دەبینین شاعیر ((هەر لە سەرەتای شیعر دانانەوە ڕێبازی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە )). ( دیوانی کاکەی فەلاح، ١٤ )


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2025 Volume :15 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٣

هەروەها چەندین دەقی شیعری بـۆ خۆشەویستی نیشتمان و جوانی سروشتی کوردستان وتووە وەک لە شیعرەکانی ( کوردستان و خۆشم ئەوێ ) دا جوانی کوردستان ئیلهام و سەرچاوەی چەند دەقێکی شاعیرن، ئاشکرایە شیعری ( خۆشم ئەوێ ) ئاوازی بـۆ دانراوە و لەبەر جوانی و ڕازاوەیی وئاوازی وشەکانی، سەرەڕای بوونی هەستێکی بەرزی شاعیرانە و سۆزێکی ڕاستگۆیانە و گەرم و گوڕ، بەم هۆکارانەوە سەرنجی خوێنەرانی ڕاکێشاوە و وەکو سرودێکی نیشتمانی لە خوێندنگەکاندا دەوترێتەوە:

(( خۆشم ئەوێ، خۆشم ئەوێ

ئەم نیشتمانەم خۆش ئەوێ

تا لێدانی دڵ ئەسرەوێ

هیچ لەبەر چاوم ناکەوێ )) ( دیوانی کاکەی فەللاح،٢٠٠٤، ٦٩ )

هەروەها لە چەند شیعرێکدا یاد و بۆنەی نەتەوایەتی و ڕۆژی نەورۆز دەبن بە سەرچاوەی چەند وێنەیەکی شیعرەکانی وەکو لە شیعری ( سرودی نەورۆز ) و هەروەها لە شیعری ( جەژنی دوو جەژنە ) دا بەبۆنەی یادی ( ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ ) وتراوە، لە ڕووی گیانێکی نیشتمانی ونەتەوەییەوە هیواو ئومێد بە ڕۆڵەکانی نیشتمانەکەی دەبەخشێت.

شاعیر لە شیعری ( سروودی ئینتەرناسیۆناڵ ) دا وێنەی خەباتی کورد و خەباتی نەتەوە چەوساوەکانی جیهان پێکەوە گرێ دەدات ، لە سنووری خەباتی چینایەتی نەتەوەکەیەوە ڕوودەکاتە هەموو چەوساوەیەک کە بەیەکەوە شۆڕش بکەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان، بەو واتایەی وێنەی خەباتێکی ئینتەرناسیۆناڵ دەخاتەڕوو :

(( هەڵسن لە خەو زۆرلێکراوی ئەم جیهانە

ئەی ئەوانەی ساڵ دوانزەی مانگ برسیتانە

تۆش سا ئەی گەل گوێ ڕاگرە بێ وچان

بۆ بانگەکەی دوا شۆڕشی میللەتان )) ( دیوانی کاکەی فەللاح،٢٠٠٤، ١٧٨ )

**٢- سەرچاوەی بیر و فەلسەفەی ژیان لە دید و تێڕوانینی شاعیرەوە :-**

شاعیر هەمیشە هەوڵیداوە دید و تێڕوانینی خۆی بخاتە ڕوو سەبارەت بە دیاردەکانی ژیان و چەندین بیری فەلسەفی بەرز و جوانی خستۆتەڕوو و خوێنەرانی پێ ئاشنا و وشیار کردووە، پەردەی لەسەر ڕووی زۆر ڕاستی هەڵداوەتەوە کە زۆرجار شێوەی نائومێدی و بێ هیواییان پێوە دیارە، شاعیر سەبارەت بەم جۆرە وێنانەی جیهانە شیعرییەکەی خۆی دەڵێت : (( شیوەنی پایز، کامیانە، سەرنجێک، بەراوردێک، بەسەرهاتێک، لە ناخی

دەروونەوە، من و پایز، تاسەیەک، کە بە شێوەی ئاوێتەکردنی بیری فەلسەفی و جارجارش بە ڕەمز دێتە زمان و لە ڕێگای دەربڕین و وێنەوە مەبەست دەدەن بەدەستەوە )). ( کاکەی فەلاح،١٩٧٨، ١٩٧ ) بۆ نمونە لە شیعری ( کامیانە ) دا لەگەڵ ئەم ناونیشانەدا دڵ و دەروونی شاعیر بە چەند وەسفێکی شاعیر خۆیەوە دەکەونەڕوو بەناوی ( شەپۆلی بەربەرەکانێیەکی دەروونی بێ پایانە – ١٩٥٧ ) کە دەڵێت :

(( سەر و دڵ ئێستە ئاسوودەی تەریک و گۆشەگیریمە
ئەمەم پێ خۆشە نازانم لە شێتی یا لە ژیریمە
***
زمان و دڵ ئەبینم بەینی وەک ئاسمان و ڕێسمانە
لەپەستی وا ئەڵێم یاخو قسەی توغیانی خۆشیمە ؟
گەلێ ناحەز ئەبینم وا لەبەرگی دۆستی دێرینا
لەمەستی وا ئەڵێم یاخو قسەی کاتی بە هۆشیمە ؟ )) ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ٦٠)

لەم شیعرەدا شاعیر وێنەی دڵ و دەروونی خۆی دەخاتەڕوو، کە گۆشەگیریی و تەنیایی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی خراپی کەسانی دەوروبەری، هەربۆیە شێوازێکی ڕەشبینی و نائومێدی پێوە دیارە.

هەروەها لە شیعری ( بڵقی سەرئاو ) دا هەمان ئەزموونی ژیانی بە چەند وێنەیەکی نائومێدیی و نارەزایی لە کەسانی دەوروبەری باسدەکات کە مرۆڤی دووڕوو و هەلپەرست بەپێی بەرژەوەندی خۆیان هەر ڕۆژەی بە جۆرێکن :

(( بەپێی شوێن و بەپێی هەوا و بەرژەوەن
گێرە ئەکا و خەرمانەکەی ئەکا شەن
بەوێنەی بۆق ڕەنگی زەوی وەرئەگری
ڕەنگی مرۆڤ هاوار چۆن ڕووکەش ئەکری )) ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ١٧٣ )

هەروەها لە شیعری فەلسەفەی ژیان و دووربینی و سەرنجێک و نەخۆشی بایبوون و هەتاکەی و شیوەنی پاییز و زۆر دەقی تریدا وێنە شیعرییەکان لە ڕوانگەی باری سەرنجی شاعیرەوە بۆ ژیان و ڕووداوەکانی دەوروبەری سەرچاوەیان گرتووە.

**٣- سەرچاوە مێژووییەکان :-**

شاعیر زۆر ڕووداو و باس و کارسات و تەنگوچەڵەمە و نەهامەتی یان ڕووی گەشی سەرکەوتنی میللەتەکەی بوون بە سەرچاوە و ئیلهامی زۆر دەقی شیعریی، بۆ نموونە لە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2025 Volume :15 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

شیعری ( كـێ بوو ) ئاماژە بە كەسایەتی و پێشەوایەكی نادیاری گەلەكەی دەكات، بە بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی ئەو كەسایەتییە بدات. بێگومان شاعیر لەم ڕووشەوە وەكو سەرچاوە شیعرییەكانی تری زۆرجار لەگەڵ ئاماژەدان بە كەسایەتییەكی كورد یان ڕووداوێكی مێژوویی تایبەت بە كورد هەندیک جار هیوا و ئومێدی تیا بەدی دەكرێت و زۆرجاریش نائومێدی لەگەڵ هەرس و كارەساتەكاندا ئامادەبوونی هەیە، هەروەك دەڵێت :

(( كـێ بوو لە تاریكی شەودا
لەسەردەمی شیرین خەوا
بـۆ گەل و دیلی بـێ نەوا
بوو بە پێشمەرگە و پێشەوا )) ( دیوانی كاكەی فەللاح،٢٠٠٤، ٨٧ )

هەروەها لە شیعری ( چیرۆک و هەڵبەستی نیرۆن ) دا باسی كەسایەتییەكی خوێنڕێژ و بە زەبروزەنگی وەک نیرۆن دەكات، بە دەستی خۆی دایكی دەكوژێت و داوای لێدەكات بە كـام جۆری كوشـتن بیكـوژێت، شـاعیر ئەم چیـرۆكە دەكـات بە نـاوەرۆک و سـەرچاوەی دەقێكی شیعری زۆر بە پێز و سەرنجڕاكێش، بێگومان لەبەر ئەوەی ڕووداوەكە كاری كردووەتە سەر شاعیر بە هەست و سۆزێكی گەرم و گوڕ و خەیاڵـێكی بـڵند و وشـەی گونجاو بیر و تاقیكردنەوەیەكی ڕەسەن دەبینرێت، هەروەك دەڵێت :

(( لەدەوری كـۆنی ڕابردوو
هەبوو نەبوو ( نەیروون ) ێ بوو
تەنها بەناو ئادەمیزاد بوو
دڕندەیەكی بەرباد بوو
گیان و ویژدانی مردبوو
ئەهریمەن گـۆشی كردبوو )) ( دیوانی كاكەی فەللاح،٢٠٠٤، ١٣٣ )

هەروەها لە شیعری ( چوار منداڵەكە ) دا ئاماژە بە ڕووداوێكی ڕاستەقینە دەكات كە مردنی چوار منداڵە ، لە كاتی سووتاندنی دێكەیاندا بە تەنیا دەمێننەوە، شاعیر ئەم كارەساتە وێنە دەكـێشێت هەرچەنـدە بـابەتێكـی مـرۆڤـانە و كـوردانە پـاڵی بە شـاعیرەوە نـاوە بـۆ هۆنینـەوەی دەقەكە، بەڵام كـاریگەربوونی شـاعیر بەو كارسـاتە لە پێوانە و ئاسـتێكـی كەمـدایە و وشـە و دەربڕییەكـانی سۆزێكـی هێنـدە گەرم و گـوڕ نـادەن بە خـوێنەر، بەوپێیەی بیر وتاقیكردنەوەیەكی ڕەسەن نەبووە بە بنیادی دەقەكە.

شاعیر سەرچاوە مێژووییەکان لە چەند شیعرێکی تری وەکو ( بۆ شارەکەم، بۆ قاسملۆی شەهید، بۆ مێژوو، بەستەی جەنگاوەرێکی نەناسراو، دڵێکی کۆست کەوتوو ) دا بە سۆزێکی گەرم وگورتر لە شیعری ( چوار منداڵ ) و بە وشەو دەربڕینی هونەرمەندانەوە بابەت و تاقیکردنەوەیەکی ڕەسەن دەخەنەڕوو. لە شیعری ( دڵێکی کۆست کەوتوو ) دا بە هەستێکی شاعیرانە و خەیاڵی بڵند و وشە و دەربڕینی لەبار و ئەندێشەیەکی داهێنەرانەوە، وێنەی کچێك ئەخاتەڕوو لە ڕۆژی یانزەی ئاداری ١٩٧٠ دا لە کاتێکدا خەڵکی سەرگەرمی خۆشی و شادی سەرکەوتنە، کچەکە چەپکە گوڵێک دەخاتە سەر گۆڕی خۆشەویستە شەهید کراوەکەی.

**٤- سەرچاوە وێژەییەکان ( کاریگەری شاعیران و ئەزموونی شیعرییان) :-**

شاعیر لە دوو توێی دیوانە شیعرییەکەیدا بە وەسفی ورد و خەیاڵی داهێنەرانە و دەربڕینی جوان و شیاو ئاماژەی بە کەسێتی و توانای شاعیری و بەهرەی شیعری چەند شاعیرێک داوە، کە بوون بە سەرچاوەی چەندین دەقی شیعری جوان بۆی، لەو شاعیرانەش ( مەولەوی، بێکەس، پیرەمێرد، عەبدولواحید نوری، گۆران، حەسیب قەرەداغی ) ڕادەی کاریگەری بەهرەی شیعری و توانای ئەدەبییان بەجۆرێك لای کاکەی فەلاح ڕەنگی داوەتەوە، کە هەریەک لەو شاعیرانە بەو جۆرە دەردەکەون کە یەکەم جار بێت خوێنەریان پێ ئاشنا ببێت. بۆ نمونە دەربارەی مەولەوی دەڵێت :

(( ئای لە ناسکی خەیاڵی جوانی
سەرچاوەی سۆزی ڕوون و ڕەوانی
لە گەرمی هەست و ساردی هەناسەی
بەهرە و سەلیقەی ناو شیعرەکانی
ئای لە بەر قووڵیی ئەندێشە و هۆشی
دەریای بێ بنی جۆش و خرۆشی
ئای بۆ سەنعەت و بۆ وردەکاری
بۆ دەریای شیعری پڕ لە مرواری )) ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ١٢٧ )

هەروەها لە شیعری ( بۆ گۆرانی نەمر ) دا دەڵێت :

(( ئەو بوو لە چەرخی بیستەما شابازی سەر لقی هەڵبەست
لە کێوی سەختی ستەما قەڵای شیعری تازەی هەڵبەست )) ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ١٤٣ )



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٣

لە شیعری ( ملوانکەی یاقووت ) کە شیعری ( عەلی تەرمۆکی ) یە و کاکەی فەلاح وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە عەرەبییەوە :

(( لە یاقوتی وشەی جوانی کوردی پەری خان
ملوانکەیەک ئەهۆنمەوە بۆ تۆ ورد و جوان
ملوانکەی ئەم شیعرە جوانەی ناوی تۆی تیایە
ئەڵێ پەری نەمر ئەژی هەتا هەتایە )) ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ١٤٥)

شاعیر بەناوی ملوانکە و دەنکی یاقووتەوە هیوا و ئومێد و ڕۆژی نوێ و بەهاری نوێی تەمەنی شادی دەدات بە گوێی خوێنەراندا و بەناوی ( پەری خان ) وە ئاراستەیان دەکات، هەروەها لە شیعری ( بەسیەتی ئەی دڵ ) دا کە شیعری ( أبو قاسم الشابي ) یە لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەڵام لێرەدا پڕە لە نائومێدی و بێ هیوایی کە ڕوو دەکاتە دڵی و دەڵێت :

(( دڵە خوێناوی دڵە پەستەکەم
بەسیە هەتا کەی خۆراکی بێ خەم ؟
ئەوە کاسەکەم تاڵە وەک مردن
پڕە لە ژەهری خەفەت و ماتەم )) ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ١٤٧ ) لەم شیعرەدا ئەو پەڕی نائومێدییە، بەڵام لە خودی خۆیدا نائومێدییەکە کاری کردۆتە سەر شاعیر و هەر بۆیە شیعرەکەی (أبو قاسم الشابي ) وەرگێڕاوە. لە کۆتاییدا ڕوودەکاتە دڵی پەست و غەمباری و دەڵێت کە ژیان بەو جۆرە بێت ئیتر غەمی بۆ چییە.

هەر بەو جۆرە شیعری ( ئیلهامی دروون ) ی عەلی تەرمۆخی وەرگێڕاوە، کە فەلسەفەی ژیان دەخاتەڕوو، واتا کە ژیان وەک خەو وابێ هیچ نییە جگە لە چاکە و خۆشەویستی و بەزەیی.

شاعیر زۆرجار لە شیعری شاعیرانی بیانییەوە ئیلهامی شیعری وەرگرتووە دەقێکی لەسەر وێنەی شیعرەکانی ( نازم حیکمەت ) چنیوە و لە ( نامەی بەندییەک ) دا ڕەنگ دەداتەوە. لە شیعری ( شیللی ) یەوە وێنەی شیعری جوانی وەرگرتووە، زۆرجاریش تەواوی شیعرەکەی وەرگێڕاوە شیعری ( پریشکەکان ) وەرگێڕانی شیعرێکی (ئاراگۆن ) ی شاعیری فەرەنسییە و شیعری ( بەستەیەک بۆ هەژاری) یش وەرگێڕانی شیعری ( پاپلۆ نیرۆدا ) یە.

لە وەرگێڕانەکاندا وشەکان نامۆن و بیر و مەبەستی شاعیر ڕوون ناکەنەوە و بە ئاڵۆزی بیر و مەبەستەکانی گواستۆتەوە، بە واتایەکی تر مامەڵە کردنی لە بەکارهێنان و هەڵبژاردنی

وشـەکاندا لە جێـی خۆیانـدا نـین بەم پێیە بیرمەکـانیش بە نادیاری مـاونەتەوە بە بەراورد بەو دەقانەی کە بـۆ وەسفی شاعیرانی کوردی نووسیوە، دەبینین وشە و دەربڕینەکان مامەڵەیەکی تریـان لەگەڵدا کـراوە و بە بێ زیـادڕەوی و پێڵێهەڵکێشـان وێنەی ڕاسـتەقینەی شاعیرەکان دەخەنەڕوو.

شاعیر دوو قەسیدەی بـۆ کـۆچی دوایی شاعیران و نووسەران داناوە، یەکـێکیان بـۆ کـۆچی هێمنـی شـاعیر بە ناونیشـانی ( بروسـکەی پرسـەیەک ) و ئەویتـر بـۆ کـۆچـی نوسـەرو وێژەوان ( محەمەد مستەفا کوردی ) یە بە ناونیشانی ( چلەی ماتەم و کـۆچی بەهرەیەک ) لە هەردوو قەسیدەکەدا وێنەکان زۆر بە سۆزەوە دەربڕاون، نیشانەی ڕۆشنبیری شاعیر و کاریگەربوونێتی بە ئەزموونی شیعریی و ئەدەبییان.

شاعیر بە ئەدەبیاتی فارسی کاریگەربووە و چەند دەقێکی شیعری لە فارسییەوە وەرگـێڕاوە وەکو شیعری

( لایلایە ) کە شیعرێکی ( سەعدی شەمسی ئەنساری ) یە، هەروەها لە شیعری ( پێبکەنە بـۆ ژیان ) دا وێنەکان بیری ورد و ئامۆژگاری و فەلسەفەی ژیانیان خستۆتەڕوو، بـێگومان ئەدەبیاتی فارسیش پاشخانێکی ڕۆشنبیری گەورەی تری کاکەی فەللاحە.

**٥- سەرچاوەی ڕەهەندەکانی دەروون و ژیانی تایبەتی شاعیر :-**

ژیانی تایبەتی و ژینگە و باری گوزەران و لایەنـی دەروونـی بوون بە سەرچاوەی چەندین دەقی شیعری بـۆ کـاکەی فەلـلاح، وێنە شیعرییەکانی شـەپۆلـی هەسـتی قووڵی دەریا ئاسـا و دەروونــی پەنگخــواردوون لە ئـازار و مەینەتییەکـان و دەربڕی بیـرە پەنهـانی و قەتمـاغە بەستووەکانێتـی، وێنەکـانی دەربڕی دەروونێکە نـامۆیە بە خۆشییەکانی ژیـان و پڕە لە نائومێدی، هەروەک لە شیعری ( لە ناخی دەروونەوە ) دا دەڵێت:-

(( جار جار شەپۆلی هەستێکی بێ بن

دێ ئەشڵەقێنێ گـۆمی بیری من

کە دێ شەپۆلی ئەو هەستە قووڵە

دەریای دەروونم ئەخاتە جووڵە

ڕاپێچم ئەکا بەرەو ڕابردوو

ڕابردووی وەکو گوڵێک بابردوو

هەتا لە دێڕێکی دواتردا بەراوردی شەکەت و ماندووبوونی جەستە و دەروونی دەکات:

گیانم شەکەت و لەش چەوساوە بوو

کەچی دەروون و دڵ حەساوە بوو )) ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ٩٩ )

شاعیر لە دەقێکی تریدا و لە شیعری ( شیوەنی پاییز) دا وێنەی غەمباری و فرمێسک و ئازار و مەینەتییەکانی ژیانی دەخاتەڕوو وەکاری نائومێدیشی بە ڕاشکاوی باسدەکات، هەروەک دەڵێت:

(( مەپرسە بۆچی مات و غەمبارم

بۆچی ڕەنگ زەردم بۆ لێو بە بارم

لەبەر کردەوەی چەرخی چەپگەردە

فرمێسک ئەڕێژم ڕەنگەکەم زەردە

بێزارە دڵ و دەروون و گیانم

لەدەست بناغە و شێوەی ژیانم )) ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ٥٠-٥١ )

هەروەها لە چەندین دەقی شیعری تردا وێنەکان سۆزو خۆشەویستی دڵ و دەروونی بۆ جگەرگۆشەکانی خستۆتەڕوو، هەروەک لە شیعرەکانی ( شەش پەپولەکەم، دیاری تۆیە، یادێکی بیست و پێنج ساڵە، ئەی وێنە)

شاعیر لە خستنەڕووی وێنەکانی دڵ و دەروونی و ژیان و گوزەرانیدا سەرجەمیان بە سۆزێکی راستەقینەوە دەربڕاون، بەڵام وشە و دەربڕینەکان سادە و ساکارن و خوێنەر لە بیر و ناوەرۆکیان زوو ئاشنا دەبێت، ئەم ساناییەش لە دەربریندا شێوازێکی تایبەتی کاکەی فەلاحە و بەم هۆیەشەوە شیعرەکانی زوو دەچنە ناخی خەڵک و خوێنەرانەوە.

**٦- سۆز و خۆشەویستی :-**

سۆز و خۆشەویستی بە مانا گشتییەکەی بووە بە سەرچاوەی چەند وێنەیەکی شیعری کاکەی فەلاح. بەڵام بۆ خۆشەویست و کەسێکی تایبەت نەوتراون، شیعرە دڵداری و ئەوینەکانی ژمارەیان کەمە کە لەچەند دەقێکدا دەبینرێتەوە ( ڕازو نیازێک، بۆچی نابێ، لەسەرشێوەی کۆن، ئەی فریشتە) هەرچەندە چۆنیەتی دەربڕین و وشەکاری و لایەنی زمانی گرنگی تەواوی پێ دراوە، بەڵام وێنەکان ئەزموونێکی ڕاستەقینە ناخەنەڕوو، دەربڕی سۆزێکی گەرموگوڕ و خەیاڵێکی بڵند نین، بەوجۆرە وێنەکان هەمان هەست و جۆشان و خرۆشانی دەروونیان نییە کە شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکان هەیانە. بەو واتایەی چەند هەستێکی کاڵ و کرچ و کاتی بە ژیانی شاعیردا تێپەڕبووە وڕاگوزەریانە مامەڵەی لەگەڵ عەشق و خۆشەویستیدا کردووە،

تەنیا یەک قەسیدە بۆ کەسێک وتراوە هەرچەندە ناوی نەهێنراوە، بە ناونیشانی ( لە وەڵامی نامەیەکدا بۆ هەرە خۆشەویستەکەم، ١٩٧٩ ) دەبینین هەست و سۆزی شاعیر لە پلەیەکی بەرزتردایە و وێنەیەکی ڕاستەقینە دەخەنەڕوو، بە بەراورد بە شیعرە دڵدارییەکانی تری، هەروەک دەڵێت :

(( کە شەپۆلی شەماڵەکەت

لەناخەوە هەژاندمی

پەرداخی فرمێسکی پڕبووم

تاسەی دووری ڕژاندمی )) ( دیوانی کاکەی فەلاح،٢٠٠٤، ٣١١ )

شاعیر لە ئاکامی سەرنجەکانی بۆ وێنە شیعرییەکانی شاعیرانی نوێ چەند تێڕوانینێکی تایبەتی دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە دەربارەی وێنە شیعرییەکانی گۆران کە زۆربەیان سەرچاوەکەیان ئافرەت و سروشتە، دەڵێت : (( دەست پێکردن بەو وێنە و دیمەنە هونەرییە دلگیرانە و بەرزبوونەوە بەرەو لووتکەی مەبەست و نەخشەکێشانی وێنەی ورد و تێکڕا تواناوەی لە تابلۆیەکی هونەری گەورەدا )). ( کاکەی فەلاح،١٩٨٧، ٤٦ ) دەمانگەیەنێت بە دوو خاڵ :

١-سەرنجدانی کاکەی فەلاح لەو وێنە هونەرییانەی کە سەرچاوەکەیان ئەزموونێکی ڕەسەنە و بە سۆزێکی گەرمەوە دەربڕاون و وێنەیەکی ڕەنگین درووست دەکەن.

٢- گرنگیدانی بە وردیی و سەرنجی ورد، لە خستنەڕووی تابلۆ هونەرییەکاندا – وێنەکاندا . بە واتایەکی تر هەموو وێنەیەکی هونەری جوان و ڕازاوە سەرچاوەکەیان ئەزموونێکی ڕاستەقینە و وردییە لە خستنەڕوویاندا. بێگومان وردیی لە دەربڕیندا بەرهەمی خەیاڵی شاعیرانە و هەستی بەرز و ئەندێشەی داهێنەرانەیە هەر بەوپێودانگە لە شیعرەکانی گۆران دواوە .

کاکەی فەلاح لە لێکدانەوەی شیعری شاعیراندا زۆر گرنگی بەو وێنانە دەدات کە سەرچاوەکەیان نیشتمان و نەتەوەیە، هەروەک لە وەسفی شیعرە ڕیالیزمییەکانی گۆراندا دەڵێت : (( سەرتابەخواری شیعرە ڕیالیستییەکانی وەکو پەیامێکی پیرۆزی چاوکردنەوە و تەقینەوەیە بەڕووی ئەژدەهاکی سەردەم ،...، تا بڵێی بەرهەمێکی پتەو و ڕەسەن و سەرکەوتوون )). ( کاکەی فەلاح،١٩٨٧، ٥٦ ) هەر بەم پێودانگە وەسفی شیعرە نیشتمانییەکانی دیلانیش دەکات و هەڵوێست و بیری شاعیر دەخاتەڕوو : (( بیری ئایدۆلۆجی و پێشکەوتنخوزانە و نیشتمانپەروەریانە و بیروباوەڕی سۆشیالیستی و نەتەوایەتی زۆر بە

خەستی لە بەرهەمەکانی دیلاندا جێگەیان دیارە، بێگومان ئەوش دەگەڕێتەوە بۆ باری ڕۆشنبیری و پلەی هۆش و ڕادەی بەشداربوونی لە کاروانی بزووتنەوەی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازی عێراقدا و بیروباوەڕی سۆشیالستی و نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازانە )).( کاکەی فەلاح،١٩٨٧، ٢١٠ ) هەروەها بۆ لێکدانەوەی شیعری شاعیرانی تریش وێنەکانی نیشتمان لە هەموو وێنەکانیتر لەپێشترە لای کاکەی فەلاح و وردتر دەربڕیان دواوە.

**ئەنجام :-**

١- وێنەکانی نیشتمان و نەتەوە لە سەرچاوە دیار و دووبارەبووەکانی ناو جیهانە شیعرییەکەی کاکەی فەلاحن.

٢- بە مامەڵەکردنی تایبەتی و هەستیارانەی شاعیر لەگەڵ هەست و سۆز و ئەندێشە و خەیاڵدا، ئەزموونی ڕاستەقینە

و وێنەی زیندوو و ئاوازەی نیشتمان و نەتەوەکەی دەخەنەڕوو، بەم پێیە هەڵوێستی تایبەتی شاعیر دەردەکەوێت.

٣- بەکارهێنانی زمانی سادە و ساکار و بێ گرێ لە دەربڕیندا، وێنەی شیعرەکان بەئاسانی دەگەن بە خوێنەر و

بەرجەستە دەبن، بەڵام ئەو وێنانەی سەرچاوەکانیان هەڵگری بیری فەلسەفین، یان دەربڕی دەروونی شاعیرن

لەگەڵ هەمان مامەڵەی زمانیدا، پێویستیان زیاتر بە لێکدانەوەیە.

٤- ئەدەبی عەرەبی و فارسی پاشخانێکی تری ڕۆشنبیری کاکەی فەلاحە و وێنەکان کاریگەری ئەم دوو ئەدەبەیان

پێوە دیارە.

٥- ئەو وێنانەی سۆز و خۆشەویستی بۆ ئافرەت پیشاندەدەن، زۆر کاڵ و کرچن و وێنەیەکی زیندوو ناخەنەڕوو،

بۆ نموونە لە شیعرەکانی ( ئەی فریشتە، ڕاز و نیازێک، بۆچی نابێ، لەسەر شێوەی کۆن ) لە ئەزموونێکی ڕاستەقینەوە سەرچاویان نەگرتووە، جگە لە یەک قەسیدە بە ناونیشانی ( لەوەڵامی نامەیەکدا بۆ هەرە خۆشەویستەکەم ) تا ڕادەیەک بە سۆزێکی گەرم و گوڕتر دەربڕاوە.

**سەرچاوەکان :-**

* **کوردییەکان :-**

* كتێبەكان :-

١- ئەمین، عەبدولقادر محەمەد، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسی كوردیدا، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی
سەردەم، ٢٠٠٢ .

٢- بنەماڵەی شاعیر، دیوانی كاكەی فەلاح، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ( چاپخانەی كارۆ ) ٢٠٠٤ .

٣- ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا، ئەدەبیاتی نوێی كوردی، چاپخانەی ( وزارة التعليم العالي و البحث العلمي) جامعة
بغداد، كلية التربية الأولى ابن رشد، ١٩٨٩ .

٤- قادر، حمه حمه امين ( كاكەی فەلاح ) كاروانی شیعری نوێی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی زانكۆی سەڵاحەدین، چاپی دووەم، ١٩٧٨ .

٥- محمد، عبدالقادر حمه امين ، ئەدەب و ڕێبازەكانی ئەورووپی - كوردی، چاپخانەی پەیوەند، چاپی یەكەم،سلێمانی، ٢٠١٢ .

* گۆڤارەكان :-

١- صالح، عثمان امين ، الصورة الشعرية عند شعراء اربيل، گۆڤاری زانكۆ، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سەڵاحەدین، ژ (٣١ ) ٢٠٠٧ ،

* عەرەبییەكان :-

١- بدرالدين، مارية، ، الصورة الشعرية في ديوان ( مواويل للحب و الحزن ل بلقاسم خمار، جامعة شهيد حمة لخضر الوادي
كلية الاداب و اللغات، رسالة ماجستير، جزائر، ٢٠٢٠ -٢٠٢١.

٢- بلغيث، عبدالرزاق، الصورة الشعرية عند الشاعر عزالدين ميهوبي – دراسة اسلوبية، رسالة ماجستير، جامعة بو زريعة، كلية الاداب و اللغات، قسم اللغة العربية و ادابها، الجزائر (٢٠٠٩ – ٢٠١٠ )

٣- بن سعدي، رقية ، الصورة الشعرية في ديوان ( مداد من الغيوم ) لسعد بن عبدالله الغريبي، رسالة ماجستير، جامعة محمد بن خيضر بسكرة، كلية الاداب و اللغات ، قسم الاداب و اللغة العربية، جزائر، ٢٠٢١ -٢٠٢٢ .

٤- صالح، بلقاسم أحمد، تشكيل الصورة الشعرية في قصيدة ( لابد من تفاصيل لممدوح عدوان ) نقد حديث و معاصر رسالة ماجستير، ( جامعة الشهيد حمه لخضر الوادي ) كلية الاداب و اللغات، قسم اللغة و الادب العربي،جزائر ( ٢٠٢٠ – ٢٠٢١ ) .

٥ - عصفور، جابر، الصورة الفنية في تراث الفني و البلاغي عند العرب، دار التنوير،الطبعة الثانية، لبنان، ١٩٨٣.

٦- فرحات، فؤاد رزق عبدالحليم، ترجمة المصاحبات اللفضية و التعيرات الاصطلاحية ( الصورة الشعرية عند علي بن

جهم ) رسالة ماجستير ، جامعة المنوفية، مصر،٢٠٢١.

٧- فضل، صلاح، قراءة الصورة و صورالقراءة، الطبعة الاولى، دار الشروق، مصر، ١٩٩٧ .

٨- محوي، رابح، الصورة الشعرية في ديوان الامير ابن الربيع سليمان بن عبدالله الموحد، رسالة ماجستير، جامعة محمد

خيضر بسكرة، كلية الاداب والعلوم الانسانية و الاجتماعية، قسم الادب العربي، جزائر ( ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ )

***المجلات:-**

٩- بو قرون، ايمان، مصادر الصورة الشعرية و انواعها في ديوان امية عبد العزيز الداني، مجلة الحكمة للدراسات الادبية و اللغوية، مجلد ( ٢ )، عدد ( ٣ )، جانفي ٢٠١٤.

١٠- مجيد، هارون، الصورة الشعرية بين القديم والحديث، قصيدة اغنية الى الريح الشمالية ل محمود درويش – انموذجا – جامعة حسيبة بن بو علي الشلف، مجلة الموازين، المجلد ١، العدد ١، الجزائر، ٢٠١٩.

*** ئینگلیزییەکان :-**

*** فەرهەنگ :-**

- J. A. Cuddon, the penguin dictionary of literary terms and literary theory, revised by C.E. Preston, first edition, Hafez printing house, Taknawaz publisher,rahname publishing centre,2005.